## دەرئەنجام

1. هەرێم ڕووبەرێکە لە زەویی وجیادەکرێتەوە لە دەوورووبەری کۆمەڵێك خەڵك لەسەری دەژین وپەیوەندی چارەنوس ومێژوو وکۆمەڵایەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەم ڕووبەرە لە ڕووی سیاسی وجوگرافیا جیاوازە لە هەرێمەکانی دەوورووبەری وەك هەرێمی کوردستان کە بە شێوەیەکی فەرمی لە ساڵی 1992 درووست بووە.
2. ڕێفراندۆم پرۆسەیەکی دیموکراسیە وپرسێکی تایبەت دەخرێتە بەردە م ئەو هاوڵاتیانەی مافی دە نگدانیان هەیە کە بڕیار دەدەن بە (بەڵێ) یان (نەخێر) سەبارەت بەو پرسە، وە دەسەڵات بە شێوەیەکی تاك لایەنە بڕیارنادات بەڵکو دەگەڕێتە وە بۆ ڕای گەل واتە ڕای گەل وەردەگیرێت، وە ڕێفراندۆم زۆربەی کات وەك پرۆسەیەك بەکاردێت بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین.
3. کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم وبەغدا وەك پرسی ناوچە جێناکۆکەکان وپرسی پێشمەرگە وفرۆشتن وبەرهەمهێنانی نەوت وبودجەو....... هتد، ئەمانە کێشەگەلێکن کە پێش درووست بوونی هەرێمیش بوونیان هەبوە بەڵام دوای دروست بوونی هەرێم لە ڕووی یاسایی وسیاسی سەرکردایەتی کورد وحکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان دەکەن بەڵام تاکو ئێستا نەگەیشتونەتە چارەسەری کۆتایی بۆ کێشەکان.
4. لەگەڵ ئەوەی لە دەستووری هەمیشەیی عێراق دانراوە بەهەرێمی کوردستان و چی تر بوونی کورد لە عێراق نکۆڵی لێناکرێت، لە ئاکامی ئاڵۆزبوونی کێشەکانی هەرێم وبەغدا وەك بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق(نوری مالکی) پاڵی بە هەرێمەوە نا بۆ بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە 25-9-2017. لە هەرێم وپارێزگای کەرکووك و ناوچە دابڕینراوەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕیژەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان بەشداریان لەم پرۆسەیە کرد و92%ی خەڵکی هەرێم دەنگیان بە (بەڵێ) دا بۆ جیابوونەوە لە عێراق، ئەمەش واتا نەتەوەی کوردیش وەك نەتەوەکانی تری جیهان مافی خۆیەتی سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت ونایەوێت چیتر لە چوارچێوەی دەوڵەتێك بێت کە مافەکانی پێشێل دەکات، وە بۆ جیهانیش ئاشکرابوو کە کوردیش هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دەدا لە بەشەی کوردستان.
5. هەڵوێستی حکومەتی عێراق پێش ڕێفراندۆم ودوای ڕیفراندۆمیش زۆر ئاشکرابوو، بەوەی زۆر بەتوندی بەرهەڵستی سازدانی ڕیفراندۆمی دەکرد، هۆکارگەلێك هەبوون بۆ ئەو هەڵوێستی بەغدا لەوەانی نفوز ودەسەڵاتی عێراق کەم دەبۆوە لە ناوچەکە عێراق ئەنجامدانی بەنادەستووری و ناشەرعی لەقەڵەمدەدا.
6. هۆکاری پشتگیری نەکردنی وڵاتانی زلهێز وهەرێمی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان هۆکارەکە زیاتر بۆ کاتی ڕیفراندۆمەکە بوو بەوەی ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ ئەنجامدانی ڕێفراندۆم، بۆیە دەردەکەوێت ئەوان دژایەتی سەربەخۆیی هەرێم نەبوون بەڵکو کاتەکویان بە گونجاو نەزانیوە وە پشگیری یەك پارچەیی عێراق بوون، وە وڵاتانی هەرێمیش ترسیان لەوە هەبووە کە کوردەکانی نیشتەجێی وڵاتەکانیان هەمان هەنگاو بگرنە بەر کە ئەمەش مەترسی هەیە بۆسەر سەقامگیری ئەوان.

**Commented [ar1]:** پرسێکی دیاریکراو

**Commented [ar2]:** بڕیاڕی گەل لەمەڕ پرسێکی چارەنووس ساز.

**Commented [ar3]:** باشترە باس لە وە بکەی کە پرسی ئەم ناوچانە بەردەوام خاڵی ناکۆکی نێوان کورد و حکومەتی یەک بەدوا یەکەکانی عێڕاق تا لە ساڵی ٢٠٠٥ لە دوای بنیادنانی عێڕاقێکی نوێێ بە بەشداری کورد پرسەکە خرایە چوارچێوەیەکی یاسایی لە مادە ٥٣ یاسایی کاتی بۆ قۆناغی گواستنەوە و مادەی ١٤٠ دەستوور، کەچی ئیرادەیەکی جدی نییە بۆ چارەسەرکردنی.

**Commented [ar4]:** دامەزراندنی

**Commented [ar5]:** وەکو هەرێکێکی فیدڕاڵی

**Commented [ar6]:** لە سەروبەندی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت لەلایەن هەرێمەوە و ئاستی پەیوەندییەکان بەرەو ئاڵۆزی هەنگاوی نا تا گەیشتە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان. ئەمەو لە پاڵ کێشە هەڵواسراوەکانی تر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆکی پێشووی هەرێم بڕیاری سازدانی ڕێفراندۆمی سەربەخۆییاندا لە ئەیلولی ٢٠١٧.

**Commented [ar7]:** بەڵام باس لە وە بکە کە بەهۆی هەڵویست و لەشکرکێشی بەغدا کار بە ئەنجامی ڕێفراندۆم نەکرا بەڵکو گەمارۆی خرایەسەر لەسەر ئاستی ناوخۆ و وڵاتانی هەرێمی بەتایبەت تورکیا و ئێران.

**Commented [ar8]:** ؟؟؟

7. پەیوەندی نێوان حکومەتی عێراق وحکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام لەیەك ئاستدا نەبووە بەهۆی بەردەوامبوونی کێشەکان لە نێوانیان لەسەردەمی کابینەکەی عەیدەر عەبادی پەیوەندیەکانیان لەوپەڕی خراپی دابوو بەهۆی بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و دواتریش سازدانی ڕیفراندۆم و وە پاشانیش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017، وە لەسەردەمی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی لەسەرەتادا وا پێشبینی دەکرا کە کێشەکان چارەسەر بکرێن وپەیوەندیەکی باش لە نێوانیان دروستبێت، بەڵام دواتر پەیوەندیەکانیان بەهەمان شێوەی ڕابردوومانەوە، وە سەبارەت بە پەیوەندیەکانیان لەسەردەمی کابینەکەی مستەفا کازمیدا بەهۆی ئەم ڕێکەوتنەی کە لەم کۆتاییەنەدا کرا بەناردنی بەشە بودجەی هەرێم لە ئێستادا پەیوەندیەکی زۆر باش وبەهێز لە نێوانیاندا بوونی هەیە، هەرچەند کێشەی بودجە تاڕادەیەك چارەسەرکراوە لەنێوانیان بەڵام ئەگەری دووبارە دروستبوونەوەی ئەم کێشەیە بوونی هەیە لە داهاتوو، ئەمە لە کاتێکدا کێشەکانی تری وەك پرسی پێشمەرگە-فرۆشتن وبەرهەمهێنانی نەوت-تەفسیری جیاوازی دەقەکانی دەستوور-پرسی ناوچەجێناکۆکەکان و ماددەی140ی دەستوور تاوەکو ئێستا چارەسەر نەکراوە وبەهەڵواسراوی ماوەتەوە.

**Commented [ar9]:** حکومەتە یەک بە دوا یەکەکان تا دەکاتە سەردەمی عێراقی نوێێ و حکومەتەکانی....

**Commented [ar10]:** لەسەردەمی ماڵکی بەشە بودجەی هەرێم بڕدرا لە مانگی ١ی ٢٠١٤. نەک لەسەردەمی عەبادی.

**Commented [ar11]:** لە کۆتایی مانگی ئاداری ٢٠٢١

**Commented [ar12]:** بە جێگیرکردنی و پەسەندکردنی

**Commented [ar13]:** بەڵام وەکو ئاگاداری تا ئەمڕۆ بەغدا بۆماوەی ١٠ مانگە بە مانگی ٤یشەوە مووچەی هەرێمی نەناردووە. سەرەڕای ڕێکەوتن. واتە ڕێکەوتنەکە ڕێکەوتنێکی کاتییە و ئەگەری جێبەجنەکردنی لە ئارادایە.

**Commented [ar14]:** هەرێم بەپێی ئەم ڕێکەوتنە تەنها ٥٠٪ داهاتی نەوت و داهاتە فیدراڵیەکانی رادەستی بەغدا دەکات.

**Commented [ar15]:** بەتایبەت کە بڕیارە لە مانگی ئەمساڵ هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق ئەنجام بدرێت و کۆتایی بەم کابینەی حکومەتێش دێت بە سەرۆکایەتی کازمی.

تێبینی سەرپەڕشتیار:

- بەگشتی ئەنجامی توێژینەوەکەت باشە. بەڵام ئەم تێبینەیانەم هەیە:
- پێم باشە بۆ نووسینی ئەنجام بە بەش و باسەکانی توێژینەوەکەت دا بچیتەوە. بەوەی لە هەر بەشێک تۆ چەند باسێکت هەیە، بۆیە لە هەرباسێ دڵنیام گەیشتووی بە ئەنجامێک.
- لە بەشی یەکەم پێویستە ئەنجامەکەت بخرێتەڕوو.
- پێم باشە بە جاڵی جیاواز هەڵسەنگاندنی خۆت وەکو ئەنجام بخەیتەڕوو تایبەت بە حکومەتی عەبادی، عبدالمهدی و کازمی. دۆخی کێشە و پەیوەندیەکان لەسەردەمی ئەمان بخەیتەڕوو وەکو ئەنجام.
- ئەنجامەکانی کەمە، بۆیە ووتم چاو بخشێنەوە بە باس و بەشەکانی توێژینەوەکەت.
- لەم هەفتەیە کۆبۆنەوەیەک ساز ئەکەین بە ئۆنلاین بۆ گفتۆگۆی زیاتر لەسەر ئەم خاڵانە لە بەرنامەی ڕێگای گۆگڵ میتەوە.

م. ئاڵا رفیق